# خوێندنه وه یێکی سه رپێی کتێبی:

# " دیرۆکی سیاسی کورد و کوردانی قوم"

رێناس جاف

به م رۆژانه له سه ر مێژووی سیاسی کورد و بزاڤ و شۆڕشه کانی کورد به درێژایی دیرۆک، پڕ کتێب و به رهه م ، ڕه وانه ی بازاڕ ده کرێ .
دیاره له یه که م هه نگاودا به رفره بوونی ئه م چه شنه به رهه مانه نیشانه یێکه بۆ وشیار بوونه وه و ڕاچڵه کانی کوردان له پارچه کانی جۆربه جۆری کوردستان و ئومێد و هیوای سبه یێکی گه شیش ئه خاته دڵانه وه و ده بێ به چاوێکی گه ش بینانه وه ، سه یری بکرێ.
له و لاشه وه زاتکردن و وێران (بوێری) و نووسین له سه ر شۆڕشه کانی کورد به ڕاستی نه کاری هه موو که سه و گه لێ ڕوونه پێویستی به ڕۆچوون و وردبوونه وه یێکی فره هه یه .
ئه وه ی ڕوونه شۆڕشه کانی کورد به درێژایی دیرۆکی کوردان ، له هه ر پارچه یێکی کوردستانا، تووشی گه لێ هه ره س هێنان و نسکۆ و شکست بوونه .
وانه و ده رز وه رگرتن له و نسکۆ و چۆرتمانه، بێگومان چرای ڕوونی به ر پێمانه بۆ سبه یێکی دره وشاوه و ئێمه له حاند فرِ و فێڵ و پیلانی ناحه زانی کورد ، زێتر وشیار ده کاته وه .
به لاّم خالێک له و نێوانه دا گه لێ گرینگه و ده بێ به چاوێکی وردبینانه وه سه یری بکرێ ، چه واشه کاری و شێواندن و ئالۆزکردنی ڕاستییه کانی دیرۆک له لایه ن هه ندێ نووسه ری کورد و ناکورده وه یه .
ئه مرۆکه ئیدی بێ هیچ ده مار گرییه ک، ده بێ هه موومان دان به و حه قیقه ته دا بێنین، که کورد زێترین زه بری هه ر له لایه ن خۆیه وه وێکه وتووه . هه ر بۆیه به ڕینانی ئێمه ده بێژن : " دار پوازی له خۆ نه بێ

ناقلّیشێ .
کێ لە خودی کوردان شارە زاتر بە هە موو کە لێن و قوژبنە کانی کوردستانە ، هە ر بۆیە زۆر خە بات و شۆڕشی کورد ، مە خابن هە ر بە دە س خودی کوردان ،کز و سە رکوت کراون .
لێرە دا نیازی ئە وە م نییە ڕۆڵی هە مووان بە چاوێک سە یر بکرێ، بە ڵکو گە رە کمە بێژم ڕۆڵە ی وشیاری گە ل ئە مرۆکە دە بێ تۆفیرێ لە نێوان ئە و هە موو بە رهە مانە دانێ . ئاوڕدانە وە یێک لە شۆڕش و ڕاپە ڕینە کانی کورد ، ئە و حە قیقە تە مان لا خۆیا دە کات هە تا دوێنێ زۆر ڕاستی مێژوو وا لامان ئاڵۆزی دە نواند کە بە هێچ چە شنێ سە رمان لێی دە ر نە دە کرد . کە چی هە مان ڕاستی ئێستە تە واو لامان ساق بۆتە وە .
ئە م بە ینە کتێبێ پڕ بایە خ بە ناونیشانی " ئاوڕدانە وە یە ک لە مێژووی سیاسی کورد و کوردانی قوم" کە و تە نێو بازاڕی کتێبانە وە .
نووسە ری ئە م کتێبە توێژە ری کورد بە ڕێز" ئایە ت محە مە دی (کە ڵهوڕ) " کە پێشتر خامە ی خۆی لە چە ن بواری دیکە دا تاقی کردۆتە وە ، ئە چێ بە ناخی شۆڕشە کانی کوردا و بە شێوە یێکی گوزە ری ، ئاوڕیان لێ دە داتە وە .
ئە م بە رهە مە بە زوانی فارسی نووسراوە و لە لایە ن پە خشکاری " پۆرسمان" لە تاران لە چاپ دروا‌ە .
ئە م کتێبە داگری نێزیکە ی 311 ڕووپە ڕانە و بە گشتی دە بێ بە دوو بە شە وە .
نووسە ر لە بە شی یە کە می کتێبە کە یدا ، تیشک ئە خاتە سە ر شۆڕشە کانی کورد لە پارچە کانی جۆر بە جۆری کوردستان و هە ر لە و پێوە ندییە دامە بە ست و ئامانج و قازانج و بە رژە وە ندی زلهێزە کان لە کوردستانا باس ئە کا . هە ر وە ها ئاماژە یێکیش بە هۆ سە رە کییە کانی شکست هێنانی شۆڕ شە کانی کورد دە کات .
بە چاپ گە یشتنی وا بە رهە مێک ئە ویش لە هە وایێکی مژاوی وە ک ئێراندا بە ڕاستی زۆر جێی تێڕامانە .
یە ک لە و خاڵانە ی لە م بە رهە مە دا سە رنج ڕاکێشە ، ڕوانگە یێکی نوێی نووسە ر لە سە ر " خاڵۆ قوروانی هە رسینی" یە کە بە تێکۆشە رێکی

کوردی نێو ده بات و ڕۆڵێکی ئه ریێنی و ئیجابی  بۆ ده نه خشێنێ و باسی
پێوه ندی نێوان خالۆ قوروان و سمکۆ ده کات .
یه کێکی دی له و خالآنه ی له م کتێبه دا ده بێ سه رنجی پێ بدرێ
باسێ سووک سه باره ت به کورده کانی سوریایه که  نازانم له به ر له وه
رده سدا نه بوونی سه رچاوه ی پێویست یان به هۆی دیکه وه ، زۆر گوزه
ری
ئاوڕی لێ داونه ته وه .
به لآم نووسه ر له به شی دووه می کتێبه که دا ئاوڕێ تایبه ت له کورده
کانی " قوم " ده داته وه که وه بزانم ئه مه یان  بابه تێکی
سه رنج ڕاکێش و بگره نوێش بێت که هه تا به ئێستا که م نووسه ر و
توێژه رێکی کورد ، لای له م کوردانه  کردۆته وه و پێشی  زانیون .
نووسه ر له به رهه مه که یدا باسی تیره و تایفه و هۆزه کورده کانی
دانیشته ی قوم ده کات که پاشی ئه و هه موو سالآنه ی که له و
ده ڤه ره دا ده ژین ، هێشتا زوان و که لتوور و فۆلکلۆری کوردی خۆیان
پاراستووه .
نووسه ر هه ر وه ها تیشک ده خاته سه ر ئه و خاڵه که ئه و کوردانه
کۆچه ر بوونه و له ناوچه کانی وه ک فارس و کرماشانه وه
ڕێیان که وتۆته ئه وێ و ئیدی له وێ ماونه ته وه .
بابه تێکی دی سه رنج ڕاکێش له و کتێبه دا به ڵگه نامه و ده سنووسه کانی
هه ره به بایه خی نێو دوو توێی کتێبه که یه تی  که ئه مه ش
له جێی خۆیدا نرخ و بایه خێکی دی به م به رهه مه به خشیوه .
نووسه ر له ده سپێک و پێشه کی کتێبه که یدا وه ک زۆرێ له نووسه رانی
ڕۆژهه لآتی کوردستان (مه به ست له وانه یه  له نێو ئێرانا ده ژین) له به ر
هه ندێ هۆ و هه گه ر و تێبینییان ، دیسان تووشی
قسه ی دروشم ئاسا بووه و کوردان به سنووروانی ئازا و به جه رگ
نێو ده بات  و پڕ به مه ش ، هه ست به شانازی ده کات.
ئه مه ش نابێ ئه وه ند گله ی لێ بکه ی و وه به ر تیر و توانجی بده ی.
چاپ بوونی ئه م به رهه مه ڕۆژنه یێکی نوێمان له ڕوو ده کاته وه و
فره بوونی به رهه می له و چه شنه ، بۆ وریا بوونه ی جه ماوه ر

پڕ پێویسته .
ده بێ بڵێین نووسه ر و توێژه ری کورد به ڕێز " ئایه ت محه مه دی"
(که ڵهوڕ) یه ک له و لاوه چالاکانه ی به ستێنی ڕووناکبیری
ڕۆژهه لاتی کوردستانه . "که ڵهوڕ" نێزیکه ی 35 ساڵ له مه و به ر
له شارۆچکه ی " ئه یوانی ڕۆژاوا" سه ر به ستانی ئیلام ، له دایک بووه .
که ڵهوڕ کارناس و شاره زای سیاسیشه و خاوه نی
بڕوانامه ی زانکۆییه . هه تا به ئێسته ش ئه م به رهه مانه ی له چاپ
داوه : 1 جۆگرافیای مێژوویی ئه یوانی ڕۆژاوا
2 ڕۆمانی چاوان
3 یارییه کانی مه حاڵی ئیلام
چه ن به رهه میشی ئاماده ن بۆ چاپ وه ک :
ناودارانی سیاسیکاری ڕۆژاوای ئێران
فه رهه نگنامه ی ئیلام
پێڕستی سه ر جه م وتاران سه باره ت به کوردان له چاپه مه نییه
کانی ئێرانا هه ر له سه ره تاوه هه تا 1380 هه تاوی(2002 زایینی)

هیوای سه رکه وتنی بۆ ده خوازین .

Renas caf@yahoo.com